# ستراتیژیی دووانەی تاران بۆ ڕزگاربوون لە (گەڕانەوەی گەمارۆکان (سناپباک:

**(یەکگرتوویی لە سەرەوە، سەرکوتکردن لە خوارەوە)**

**نووسەر:** سەعید گۆڵکار (Saeid Golkar)

**وەرگێڕان و ئامادەکردن:** پێنووس

دوای ئەوەی ترۆیکای ئەوروپی میکانیزمی "سناپباک"ی کارا کرد، سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران لە ٢٧ی ئەیلوولدا گەڕایەوە. ئەم گەمارۆیانە لەگەڵ گۆشەگیریی سیاسیی تاران، گورزێکی کوشندەیە لە ئابوورییە داڕووخاوەکەی و، بەم پێیەش ناڕەزاییی ناوخۆیی زیاتر دەکات. بەڵام پرسی سەرەکیی شرۆڤەکاری گۆڤارەکە ئەوەیە کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خۆڕاگری و گواستنەوە لەم قەیرانە چییە؟

گۆڤاری "فۆرن پۆلیسی" لە ڕاپۆرتێکی نوێدا کە ڕۆژی سێشەممە (١٤-١٠-٢٠٢٥) بڵاو کرایەوە، دوای کاراکردنی میکانیزمی سناپباک (Snapback mechanism) و دووبارە سەپاندنەوەی سەرجەم سزا نێودەوڵەتییەکان بۆ سەر تاران، ستراتیژی و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی تاوتوێ کردووە.

سەعید گۆڵکار (Saeid Golkar) پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تێنسی (University of Tennessee)، ڕاوێژکاری باڵای ڕێکخراوی هاوپەیمانیی دژی ئێرانی ئەتۆمی (United Against Nuclear Iran) و هاوکارێکی باڵا لە "ئینستیتیوتی تۆنی بلێر بۆ گۆڕانکاریی جیهانی" (Tony Blair Institute for Global Chang)، لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی سیاسەتی دەرەوەدا (foreign policy)، ستراتیژییەتی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە خستۆتە ڕوو.

بەپێی شرۆڤەی د. گۆڵکار، یەکەم کاردانەوەکانی تاران بەرامبەر بە پێشهاتەکانی ئەم دواییە، لە ئێستاوە لە ناوخۆی وڵاتدا دەرکەوتووە. بۆ نموونە، تەنیا یەک ڕۆژ دوای جێبەجێکردنی میکانیزمی سناپباک و سەپاندنەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی شووڕای ئیسلامی لە دانیشتنی ئاشکرادا پرۆژەیاسایەکی بۆ "زیادکردنی سزای سیخوڕی و هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیل و دەوڵەتە دوژمنکارەکان" پەسەند کرد. ئەم گەڵاڵەیە دوای سێ ڕۆژ لەلایەن ئەنجومەنی پارێزەران (Guardian Council) پەسەند کرا و ڕۆژی سێشەممە ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥، مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران، یاساکەی بۆ ئاگادارکردنەوە و جێبەجێکردنی، هەناردەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی و وەزارەتەکانی ئیتلاعات، بەرگری و داد، کرد. لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڕەزامەندیی ئەنجومەنی پارێزەران، یەکەی هێزە تایبەتەکانی "فاتحین"ی سوپای پاسداران لە کاتی مەشقێکدا ئامێرە نوێیەکانیان نمایش کرد. ئەم هێزانە کە پێشتر

بەشـداریی جەنگـی نـاوخۆی سوریایـان کردبـوو، بـە جلـوبەرگی سـەربازییەوە بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی خۆپیشاندەران لە تاران لە کاتی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ جێگیر کرابوون.

هـەر لـەو ڕۆژەدا، لـە هەنگـاوێکی سـەرسوڕهێنەردا کۆمەڵـەی دەسـتنیشانکردنی بەرژەوەنـدییەکانی سیسـتەم (Expediency Discernment Council)، دوای چەنـدان سـاڵ دژایەتـی، پەیوەسـتبوونی ئێرانـی بـە پەیماننامەی بەرەنگاربوونەوەی داراییی تیرۆر (CFT) بە مەرج پەسەند کرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێشتر هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە ڕایان گەیاندبوو کە پابەندبوون بەو پەیماننامەیە دەبێتە هۆی تێکچوونی دۆخی داراییی میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئێران، لەنێویاندا حزبوڵڵا. بە گوتەی دکتۆر گۆڵکار، ئەم هەنگاوە بەشێکـە لـە هەوڵـە بەرفراوانەکـانی تـاران بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی تۆمەتەکـانی وڵاتـانی ڕۆژاوایـی، کـە ئێـران پشتیوانی لە تیرۆر دەکات.

لەم بارەیەوە ئەو لێکۆڵەرە نووسیویەتی: ئەم جۆرە کردەوانە ئاسایی نین و، نیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لەمەڕ ئاسایشی ناوخۆ، نیشاندانی نەرمی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، کەمکردنەوەی گوشاری دەرەکی و نیشاندانی بە دوژمنانی کە گەمارۆکان ناتوانن ببنە هۆی ڕووخانی ڕژێم، هەروەها ئەوە نیشان دەدات کە بەرپرسانی باڵای ڕژێمی ئێران بەنیازن لەم ڕێگەیەوە بەرەنگاری ئەم گوشار و سزا و گۆشەگیرییە نوێیە ببنەوە و، خۆڕاگری بنوێنن کە بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕێبازە بە سەبری ستراتیژی (strategic patience) دەناسرێت.

**سەبرێکی ستراتیژی یان پەرەسەندنی بارگرژییەکان؟**

هەرچەنـدە تـاران هەوڵـی دواخسـتنی پرۆسـەی "سـناپباک"ی دا، بەڵام زۆرێـک لـە بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی چالاککردنی ئەم میکانیزمە بوون لەلایەن سێ وڵاتە ئەوروپییە (E3) ئەندامەکەی ناو ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥. ئێرانییەکان لە ئاستی ڕای گشتیی ناوخۆیشدا وا نیشان دەدەن کە کاریگەرییەکانی سزاکان سنووردارە و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئابووریی ئێران خۆڕاگر و بەهێزە و بەرگەی ئەم گوشارانە دەگرێت. بۆ نموونە، میدیاکانی نزیک لە سوپای پاسداران سزاکان نەک وەک هەڕەشەیەکی وجوودی، بەڵکوو وەک ئۆپەراسیۆنێکی دەروونیی ڕۆژاوایی بۆ تێکدانی متمـانەی گشتـی و دروسـتکردنی جەمسـەرگیریی سیاسـی نیشـان دەدەن؛ ئـەو هەڵمەتـە میـدیاییانەیش دەیـانەوێت نیشـان بـدەن کـە "گەمارۆکـان بەشێکـن لـە سـتراتیژییەکی فراوانتـر بـۆ گۆڕینـی ڕژێـم." بەڵام سـەرەڕای هەڕەشـە بەربڵاوەکـانی تـاران بـۆ وەڵامـدانەوە، وەڵامـدانەوەی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران بـۆ ئـەو گەمارۆیانە زۆر سنووردار بووە. تاران تا ئێستا بە بانگهێشتکردنی باڵیۆزەکانی چەند وڵاتێکی ئەورووپی ڕازی بووە و، چالاککردنی "میکانیزمی سناپباک"ی لەلایەن ترۆیکای ئەورووپییەوە بە ناشەرعی ناو بردووە و هۆشـدارییەکی گشتیی سـەبارەت بـە کەمکردنـەوەی هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی دەرکردووە، بەڵام تاوەکوو ئێستا هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ پەرەپێدانی گرژییەکان نەناوە.

هەرچەندە هەندێک لایەنی نێوخۆی ئێران خوازیاری گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندتر بوون، لەوانەیش کشانەوە لـە پەیماننـامەی قەدەغەکردنـی چەکـی ئەتۆمـی (NPT) بەڵام عەلـی خـامنەیی، ڕێبـەری باڵای ئێـران و نوخبەکانی دیکەی ڕژێم بەبەردەوامی دژی ئەم بژاردەیە وەستاونەتەوە و پێداگرییان لەسەر ئەوە کردووە کە ئێران لە پەیماننامەکە ناکشێتەوە، تەنانەت ئەگەر سوودێکی کەمیش لە مانەوەی لەو پەیماننامەیەدا هەبێت.

بەپێی ڕوانگەی د. گۆڵکار، بەرپرسانی ئێرانی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە و تا ئاستێکی زۆریش دڵنیان لەوەی کە کشانەوە لە پەیماننامەکە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل و، دەرگەی دەستێوەردانی ئەمریکا دەکاتەوە و هانی سعوودیا و تورکیاش دەدات بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆیان. ڕاستییەکەی، لە لێکدانەوە و حیساباتی تاراندا ئەم جۆرە مەترسییانە دەبنە هۆی زیادبوونی گرژییەکان و شەرعییەتدان بە دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکی؛ بەمەیش مانەوەی ڕژێم دەکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، باش ئاگاداری توانا سنووردارەکانی خۆی و نەبوونی بژاردەی جێی متمانەیە لە ئەگەری پەرەسەندنی گرژییەکان؛ چونکە زۆربەی میلیشیا و بریکارەکانی ئێران بەهۆی هەڵمەتی سەربازی و کردەوەکانی ئیسرائیلەوە لە دوای هێرشەکانی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بەتوندی لاواز بوون و، ئێستایش تەنیا حووسییەکان لە یەمەن و چەند گرووپێکی میلیشیای شیعە لە عێراق ماون کە هێشتا توانای زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلیان هەیە؛ تەنانەت توانای ئەوانەیش سنووردارە.

هەرچەندە لەسەر کاغەز تاران هێشتا دەتوانێت پەنا بۆ هێرشی ئەلیکترۆنی، پەککخستنی کەشتیوانی لە کەنداوی فارس، یان سنووردارکردنی هێرشی مووشەکی و درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) بۆ سەر ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکا ببات، بەڵام هەموو ئەمانە مەترسیدارن. ئیسرائیل ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ لێدانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی ئێرانەوە و، واشنتۆن بەڵێنی داوە وەڵامی یەکلاکەرەوەی هەر هێرشێک بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا بداتەوە. لە ئەنجامدا تێچووی پەرەسەندنی بارگرژییەکان لە مێشکی بڕیاردەرانی ئێراندا گەورە دەبینرێت. هێشتا وانەکانی جەنگ لەگەڵ ئیسرائیلیان لەبیرە و هەر بۆیە ئەگەری زۆر زیاترە کە تاران بەردەوام بێت لە کەمکردنەوەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، لەبری ئەوە پەنا بۆ تاکتیکی هەنگاو بە هەنگاو و ئاشنا ببات بۆ گوشاردروستکردن، بەبێ ئەوەی هێڵی سوور و بەربەستی ئەتۆمی ببڕێت. ئەم هەنگاوانەیش دەتوانن بریتی بن لە پێشخستنی پیتاندنی یۆرانیۆم، جێگیرکردنی سەنتەرفیوژی خێراتر و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتنی پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بە دامەزراوە و چالاکییەکان لە ناوخۆی ئێران. ئەم جۆرە هەنگاوانە هێزی مانۆڕی ئێران بەهێزتر دەکەن و لە هەمان کاتدا ئێرانییەکان خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ، کە بتوانێت ڕەوایەتی بە دەستێوەردانی سەربازی لە دژیان بدات، بەدوور دەگرن.

هەرچەندە گەمارۆکان توند و تاقەتپڕووکێنن، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران شتێکی نوێ نین و تاران ڕێگەی هەڵکردنی لەگەڵدا داڕشتووە. بۆ نموونە، فرۆشتنی نەوت بە چین، دامەزراندنی تۆڕە بەرفراوانەکانی قاچاخ و کۆنترۆڵی توندی ئابووری لە ناوخۆدا، ئۆکسجینی پێویست بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی دابین دەکەن. بۆ دەسەڵاتێک کە بەشێکی زۆری ٤٥ ساڵی ڕابردووی خەریکی شکاندنی گەمارۆکان و دەستوپەنجەنەرمکردن لەگەڵ سزاکان و شەڕی ئابووری لەگەڵ ڕۆژاوا بووە، گەمارۆکان پرسێکی بەردەوام و تاڵە.

لەلایەکی تریشەوە، لە ئاستی سیاسییشدا ئێران لێکترازاو و دابەش بووە. لایەنە توندڕەوەکان پێداگری لەسەر ململانێی ئاشکرا لەگەڵ ڕۆژاوا دەکەن، بەڵام پراگماتیستەکان ئامۆژگاریی گرتنەبەری سیاسەتی وریایی دەکەن. ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بەردەوام بانگەشەی بۆ دانبەخۆداگرتن (سەبر و خۆڕاگری) کردووە، کاتێک گوشارەکان مەترسی لەسەر بوونی ڕژێم دروست دەکەن. لە سەردەمی سەپاندنی سیاسەتی "زۆرترین گوشار"ی ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکادا، تاران بەرگەی سزاکانی گرت،

بەبێ ئەوەی لە NPT بکشێتەوە یان جەنگێکی تەواو دەست پێ بکات. بۆیە پێ دەچێت ئێستا هەمان لۆژیک بەسەر بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا زاڵ بێت. هەروەها پێشینەی سیاسەتی کرداریی ڕژێم ئەگەری گرتنەبەری ڕێگەیەکی لەو شێوەیە بەهێزتر دەکات. تاران پێی باشتر بووە بەرگەی گوشارەکان بگرێت، نەک مەترسیی زیادبوونی هەڕەشەکان و بارگرژییەکان بەرز بکاتەوە کە دەتوانێت مانەوەی ڕژێم بخاتە مەترسییەوە. بە واتایەکی تر، پێ ناچێت سەرکردەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەدوای پەرەسەندنێکی دراماتیکدا بگەڕێن و لەبری ئەوە بژاردەی "دانبەخۆداگرتن" هەڵدەبژێرن، کە بە "سەبری ستراتیژی" (strategic patience) ناوی دەبەن. هەروەها تێپەڕبوونی کات لە قازانجی گرتنەبەری ئەم ڕێبازەدایە. بە واتایەکی دیکە، لە کاتێکدا نزیکەی ساڵێک ماوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیسرائیل (٢٨-١٠-٢٠٢٦)، لێکدانەوە و حیساباتی تاران ئەوە پیشان دەدات ئەگەری ئەوە بەرزە کە بنیامین ناتانیاهۆ دەسەڵات لەدەست بدات. هەروەها لە دەرەوەی ئیسرائیل، تاران هیواخوازە کەسێکی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٨دا سەر بکەوێت و، ڕەنگە ئەمە وا بکات کە ڕوانگەی واشنتۆن بەرامبەر ئێران بگۆڕێت.

## پەیڕەوکردنی ڕێبازی سەرکوتی ناوخۆیی کۆنترۆڵکراو

لە سیناریۆیەکی لەو جۆرەدا، سەرکردەکانی ڕژێم پێویستیان بە خۆڕاگری و مانەوە دەبێت لانی کەم بۆ ماوەی سێ ساڵ؛ لەم چوارچێوەیەدا پشت بەو شتە دەبەستن کە پێی دەڵێن "یارمەتییەکی موعجیزەئاسا و نەبینراو". بەڵام بۆ ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، "میکانیزمی سناپباک" تەنیا قەیرانی سیاسەتی دەرەوە نییە، بەڵکوو قەیرانێکی ناوخۆییشە. سەرەڕای قسە و باسەکان، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، چاك دەزانێت کە مەترسییە هەرە جددییەکان لە ناوەوە دێت نەک لە دەرەوە. هەم درز و لێکترازانی ناو چینی دەسەڵاتدار و هەم نائارامیی کۆمەڵایەتیی بەربڵاو بۆ سەر دەسەڵاتەکەی گەورەتر دەبن. لێرەوە ستراتیژیی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانە دووانە یاخود دوو لایەنەیە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، لە هەمان کاتدا کە هەوڵ دەدات یەکانگیری و یەکگرتوویی و هاودەنگی لەناو چینی دەسەڵاتداردا بپارێزێت، لە لایەکی دیکەیشەوە، گوشارە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە پێدانی ئیمتیازاتی کۆنترۆڵکراو و چڕکردنەوەی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان بەڕێوە ببات.

چونکە لە ڕوانگەی خامنەییەوە، یەکگرتوویی چینی دەسەڵاتدار هەمیشە میکانیزمی سەرەکیی مانەوەی دەسەڵات بووە. ناکۆکی و لێکترازان و دابەشبوون لە نێوان فەرماندەکانی سوپای پاسداران، پیاوانی ئایینی، یان نوخبەی سیاسی، دوژمنانی ڕژێمەکەی بوێر دەکات و سیستەمەکە ناسەقامگیر دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیش ئایەتوڵڵا خامنەیی خۆی لە هەنگاوە مەترسیدارەکان دەپارێزێت؛ وەک کشانەوە لە NPT کە دەتوانێت نوخبەکانی ئێران دابەش بکات. بەڵکوو لە بەرامبەردا ئایەتوڵڵا خامنەیی جەخت لەسەر یەکڕیزی دەکاتەوە، هەروەها بەرخۆدان هەم بە ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە و هەم بە شانازیی نەتەوەیی ناو دەبات. ستراتیژیی ئایەتوڵڵا خامنەیی تێکەڵەیەکە لە پاداشت بۆ نوخبە دڵسۆزەکان و توندوتیژیی حیسابکراو بۆ ڕێگریکردن لە جیابوونەوەیان. بەم شێوەیە ئایەتوڵڵا خامنەیی هەوڵ دەدات چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی نوخبەی دەسەڵاتدارەوە ببەستێتەوە تا مانەوەی ئەوان لە مانەوەی خۆی و ڕژێمەکەی جیا نەبێتەوە. لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات "بێدەنگی"ی کۆمەڵگە بپارێزێت. گەمارۆکان لە ئێستاوە نرخی خۆراکی بەرز کردۆتەوە و بەهای ڕیاڵ بەرامبەر دۆلار دابەزیوە و ناڕەزاییی گشتی زیادی کردووە. هەر لەم چوارچێوەیەدا، حکوومەت بە مەبەستی کەمکردنەوەی گوشاری کۆمەڵایەتی، ڕێبازی خۆی بۆ "پۆلیسی

ئەخلاق” (گشت ارشاد) ڕێک خستۆتەوە. بە گوتەی پۆلیس و چالاکوانانی بەسیج، ڕێنمایی کراون دەست لە جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە حیجابی زۆرەملێ وەرنەدەن. ئامانج لەو سیاسەتەیش، دوورکەوتنەوەیە لە هاندانی تووڕەیی گشتی و دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی وەک گرتن و گیانلەدەستدانی ژینا (مەهسا) ئەمینی کە ناڕەزایەتیی سەرتاسەریی لێ کەوتەوە. چونکە لەم ڕوانگەیەوە، هەر شتێک کە مەترسیی ورووژاندنی نائارامییەکی بەربڵاوی لەسەر بێت، پێویستە بەوریاییەوە دوور بخرێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا حکوومەت سەرکوتکردن لە دژی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە چڕتر دەکاتەوە؛ هەرچەندە ئەم جۆرە کارانە خۆیان دەبنە هۆی ناڕەزایەتی یان ناسەقامگیری.

هەروەها ڕێبەرانی ڕژێم دەزانن کە گەمارۆ نوێیەکان قەیرانی ئابووری خراپتر دەکات و هەڵاوسان و بێکاری زیاد دەکات. بۆ نموونە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٩ کە لەو ماوەیەدا ساڵوەگەڕی سەرهەڵدانی بوو و بەپێی هەندێک ئاماری بڵاوکراوە، لانی کەم هەزار و ٥٠٠ کەس بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کوژران، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نیگەران دەکات. بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە ناڕەزایەتییانە، ڕژێم پەنای بۆ نمایشی هێز بردووە: دەوریەی شەقامەکانی بەسیج و سوپای پاسدارانی زیاد کردووە، چاودێری و بەدواداچوونی فراوانتر کردووە، ناڕازییەکانی وەک “سیخوڕ” بە تاوانبار ناساندووە؛ ئەمەیش لەسەر بنەمای دەرکردنی یاسا نوێیە ئەمنییەکان کە لەم دواییانەدا لەلایەن ئەنجومەنی پارێزەرانەوە پەسەند کراون بە مەبەستی شەرعییەتدان بە سەرکوتی توند.

لەم چوارچێوەیەشدا مەشقی هێزەکانی ” فاتحین” تەنیا مەشقێکی تاکتیکی نەبوو، بەڵکوو هۆشدارییەک بوو بۆ ئێرانییەکان کە حکوومەت چاودێریتان دەکات و خۆی بۆ بەکارهێنانی هێز ئامادە کردووە. سەرەڕای ئەوەیش، بەپێی هەندێک ڕاپۆرت، ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ڕێنماییەکی ئەمنیی دەرکردووە کە پلانی حکوومەت بۆ وەڵامدانەوەی نائارامی لە ئەگەری زیادبوونی سزا نێودەوڵەتییەکان دەخاتە ڕوو. ئەم ڕێنماییە هەردوو ڕێوشوێنی ئەمنی، وەک جێگیرکردنی هێز، چاودێری و سەرکوتکردن و، هەروەها ستراتیژییەکانی پڕوپاگەندە و خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، لەوانەیش: چالاکییەکانی میدیایی، بەتایبەتی لە بواری ئابووری بۆ پووچەڵکردنەوەی هاندان و تێکخستنی نارەزایەتییە ئابوورییەکان.

ڕاستییەکەی، ستراتیژییەکی دووانەی لەم جۆرە- یەکگرتوویی لە سەرەوە و سەرکوتکردن لە خوارەوە- بۆ کڕینی کات داڕێژراوە. ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی سێ ساڵێکی پڕ لە ئاڵنگاری و سەختیی لەپێشە، بەڵام پێی وایە ئەگەر ڕژێم بتوانێت سەقامگیریی ناوخۆیی بپارێزێت و ناڕەزایەتییەکان سەرکوت بکات، ئەوا دەتوانێت بەرگەی گوشاری دەرەکی بگرێت تا ئەو کاتەی کە هاوکێشە جیۆپۆلیتیکییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. سەپاندنەوەی سزاکان دوای چالاککردنی میکانیزمی سناپباک، پاشەکشەیەکی دیپلۆماسیی گەورەی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا هێناوە و گوشارە ئابوورییەکانی ئێرانی قووڵتر کردووەتەوە. بەڵام تاران بە هیوای مانەوەی لە سێ ساڵی ماوەی ئیدارەی ترەمپ، پێ ناچێت هیچ هەنگاوێک بۆ پەرەسەندنی گرژییەکان بە شێوەیەکی فراوان بگرێتە بەر و، ڕەنگە پەنا بۆ کۆنترین ستراتیژەکەی ببات، کە **“سەبری ستراتیژی”**یە. بەپێی شرۆڤەی بەڕێز لێکۆڵەر د. گۆڵکار، کۆماری ئیسلامی بواری ناوخۆیی بەئاسایشی دەکات و توندیی سەربازی نیشان دەدات و، لە لایەکی دیکەیشەوە چاوەڕێی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەکات بەو هیوایەی کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی داهاتووی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، سازشکارتر بێت. بە بڕوای ئەو توێژەرە، بۆ ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، سەبر و دانبەخۆداگرتن لاوازی نییە، بەڵکوو پێویستییە. ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی پێی باشترە مێژوو وەک هێمای خۆڕاگری و پاڵەوانێکی دژەئەمریکی بەجێ بهێڵێت، نەک سەرکردەیەکی دۆڕاو

و زەلیلکراو کە "تەسلیمبوونی بێمەرج" قبووڵ دەکات.

بۆ جیهانی دەرەوە، پارادۆکسەکە (تناقض) ڕوونە: لە کاتێکدا سزاکان وا لە ئێران دەکەن کە بە گۆشەگیری و گەمارۆدراو دەرکەوێت، لە ڕوانگەی تارانەوە، **"یەکگرتوویی، سەرکوت و سەبر"** بەسە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ناوەڕاستی زریانەکەدا لەسەر ئاودا بمێنێتەوە و نەخنکێت. لەم ڕوانگەیەوە، **بەرگەگرتن** و **خۆڕاگری، خۆی جۆرێکە لە سەرکەوتن**.

**سەرچاوە:**

https://foreignpolicy.com/

https://parsi.euronews.com